# باڵندەی شین

**ئازاد ئەرگوشی**
azadergoshi@hotmail. com

ماوەیەکە روخسارێکی نامۆ ئازارم دەدات، خۆی بە من نیشاندەدا کەچی خۆی بە دەستەوە نادات.

وام لێهاتوە تەنانەت کە لەبەرامبەر ئاوێنەش رادەوەستم لەجیاتی ئەوەی خۆم لە ئاوێنەکەدا ببینمەوە هەر هەمان روخسار دێتە بەرچاوم. روخسارێك کە هەمیشە زەردەخەنەیەك بەسەر لێویەوەیە، هەمان ئەم زەردەخەنەیەی کەتەنها تاقە جارێك کەوتە سەرلێوەکانی دایکم. زۆر لێم پرسیوە تۆ کێی و چیت لەمن دەوێ؟ بەڵام هەمیشە پرسیارەکەم بێ وەڵام ماوەتەوە دیسان بەهەمان زەردەخەنەوە وون دەبوو، زۆرجار دەمگوت کێ دەزانێ رەنگە روخساری دایکم بێت، بەڵام نا، دایکم دەساڵ لەمەوبەر مردبوو، زۆرجار وێنەی دایکم دەهێناو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تەماشام دەکرد بەڵام نا ئەو روخسارە نابێ روخساری دایکم بێت، زۆر سەختە مرۆڤ ڕوبەڕوی زەردەخەنەیەك ببیتەوە و نەزانی خاوەنی زەردەخەنەکە کێیە و توانای ئەوەی نەبێت دەردی دڵی خۆی بۆت هەڵڕێژێ، ئەو روخسارە نامۆیە ووردە خزیە ناو هەموو کونج و قوژبنی ژیانمەوە بە شێوەیەك لەخەونیش دا ئۆقرەی لێ بڕیبووم، هەندێك جار هەستم دەکرد نیوەشەوان دەخزیە ناو نوینەکانم و بەشێوەیەك دەمگرتە باوەش بەبێ ئەوەی هەستیش بکەم کەسم لەباوەش گرتووە، هەرکاتێ توشی ئەم هەستە دەبووم ئەوم بەجلی شینەوە دەدیت، شەوێك گلۆپەکەم کوژاندبۆوە، لەسەر لێواری تەختەکە دانیشتبووم لەپڕ هەستم کرد کەسێك لە لامەوە دانیشت.

بەباشی گوێم لە دەنگی هەناسەکەی بوو بەبێ ویست و بڕیاری خۆم دەستم بۆ درێژ کرد، تا ئێستاش نازانم دەستم بە کوێی ئەو کەوت، هەر ئەوەندە دەزانم ئەوەی دەستم پێکەوت ئاسایی نەبوو، نەرم و نیان و گەرم، ئەوەندە گەرم کە بەهەموو بوونم گەرماتییەکەی هەستم پێکرد. دەستی خۆم کێشایەوە وەکو مرۆڤێکی تاوانبار کە بیەوی تاوانەکەی سەرپۆش بکا گوتم: من چیرۆکێکی زۆرم نووسیوە حەز دەکەی یەکێکیانت بۆ بگێڕمەوە؟ بەڵام وەڵام نەبوو. . ئیتر دەنگی هەناسەکەشی نەدەهات زانیم لەوێ نەماوە، ترسام بەهێمنی خۆم لەسەر تەختەکەم درێژکرد، هەناسەم راگرتبوو بەو ئومێدەی دووبارە گوێم لە دەنگی هەناسەکەی بێتەوە، بەڵام بێجگە لە تاریکی شەو و بێدەنگی هیچی تر نەبوو، ئەو شەوە تا نزیکەی بەیانی خەوم لێ نەکەوت، کاتژمێر دەی بەیانی لەخەو هەستام، هەستێکی نامۆ دەروونمی داگرت و هەستم کرد ونبوویەکەم هەیە کە دەبێ بەدوایدا بگەڕێم.

ونبووێك کە هەمیشە لە پێش چاوم بوو و هەموو ژیانمی داگیر کردبوو، بەڵام بەداخەوە کە تا ئەو کاتە نەمتوانی بوو خۆمی پێڕابگەیەنم ئەمەش زیاتر منی شەیدا کردبوو، دەتگوت هەموو هۆکارەکانی ژیان دەستیان داوەتە یەك بۆ ئەوەی ئەو چاوە ئەفسوناویانە بێنە ناو ژیانمەوە هەروا بە تاساوی لەدوورەوە تەماشایان بکەم بەبێ ئەوەی بە دەستیان بێنم، شوێنی قەڵەباڵغ و پڕ هەراو و هۆریا ئازاریان دەدام، ئارەزوم بوو شوێنێك دوور لەهەر جۆرە هەراو زەتایەك بدۆزمەوە تاوەکو ماوەیەك تیایدا بخەوم بۆ ئەوەی گوێم لە هەراوهۆریای شار نەبێت، ئەوە بوو کە بڕیارم دا بڕۆمە گوندەکەی زێدی خۆم، ئەو گوندەی بەدرێژایی ژیانم کە لە گەڵ کۆچەو کۆڵانەکانی دا ژیاوم، هێشتا دەنگی پێکەنینی سەردەمی منداڵیم و هاورێکانم کە لە بەیانی تا شەو خەریکی هات و هاوارکردن بووین لە کۆچەو کۆڵانەکاندا لە گوێیەکانم دا دەزرینگایەوە لەبەرخۆمەوە گوتم چاك وایە سەرێك لە گوندەکەم بدەم. کێ دەزانێ رەنگە لەوێ چاوم بە یارە نا ئاشنا و هەمیشە دیارو بەرامبەر کەم بکەوێ و دڵە شەیداکەم لەم هەموو بێ ئارامی و بێ ئۆقرەیی و سەرگەردانی رزگار بکات.

کاتژمێر چواری ئێوارە سواری ئامانە بووم، تەنیا یەك شوێن مابوو ئەویش لەتەك شوفێرەکە. بەپەلە خۆم گەیاندە کورسیە بەتاڵەکە و دانیشتم. هێشتا بەتەواوی دانەنیشت بووم کە چاوەم بە ئافرەتێك کەوت بە جلی شینەوە لەوبەری شەقامەکە راوەستاوە. بە جۆرێك تەماشای دەکردم کە دەتگوت بەتەمایە بە چاوەکانی قوتم بدات، زەردەخەنەیەکی شیرین هاتە سەر لێوەکانی بە شێوەیەك کە ددانە سپیەکانی وەك مورواری سپی لە نێوان لێوە ناسکەکانی دەبریسکایەوە. هەر لە خۆمەوە لە شوێنی خۆم هەڵستام بۆ ئەوەی بڕۆمە لای، بەڵام هێشتا بەتەواوی هەڵنەستابووم بە هەمان زەردەخەنە شیرینەکەیەوە ون بوو، لەوکاتەدا ئامانەکە بەڕێ کەوت منیش بە نائومێدی لە شوێنی خۆم دانیشتم، هەرچەند ئەوم لەو دیوی شەقام بینی بوو، بەڵام مەیلم نەبوو بچمە گوندەکەم دیسان حەزم لێ بوو بڕۆم.

هەستم کرد نەوایەکی دەروونی پێم دەڵێ (مەترسێ وەرە، وەرە، دڵنیابە دەمدۆزیەوە) نەوایەك کە تەواو بە دەنگی خۆم دەچوو ئەوەندە چوو بوومە ناو دونیا تایبەتییەکەمەوە کە ئاگام لەدەوروبەری خۆم نەمابوو، بۆیە کاتێك شۆفێرەکە بە دەنگە گڕەکەی گوتی کاکە گیان وابزانم تەنیا جەنابت کرێیەکەت نەداوە بۆیە بە شەرمەوە کرێی شوفێرەکەم داو لە ئامانەکە دابەزیم.

شەو لە ماڵی یەکێك لە خزمەکانم مامەوە. رۆژی پاشتر لە دوای خواردنی نانی بەیانی لە ماڵەوە دەرچووم، رێگای کارێزە کۆنەکەم گرتە بەر کاتێ گەیشتمە سەر کارێزەکە هەستم کرد تازە لە دایك بوویمە، بیست ساڵ بوو کارێزەکەم نەبینی بوو. لەسەر لێواری کارێزەکە دانیشتم خەریکی تەماشاکرنی ماسیە بچکۆڵەکان بووم کە لەناو ئاوی زوڵاڵی کارێزەکە هات و چۆیان دەکرد؟!.

ئارەزوم دەکرد وەکو ئەوان بام، ئازاد و سەربەست. بەڵام بەداخەوە نەمدەتوانی چونکە گرفتاربووم، گرفتاری روخسارێك کە نازانم لەکوێ سەروکەللەی پەیابوو، دەستم لەناو ئاوی کارێزەکەنا ئاوەکەی سارد بوو. وەك سەردەمی منداڵی کەوتمە سەر پەنجەکانم لێوەکانم لە ئاوەکە نزیك کردەوە یەك دوو قوم ئاوم خواردەوە لەو کاتەدا چاوم بە ئافرەتێکی جل شین کەوت دیسان وەکو پێشان بەهەمان روخسار، هەمان نیگا، تەماشای منی دەکرد سەرم بەرز کردەوە بینیم لەبەرامبەرم وەستاوە چەند جوان بوو، شین پۆش دەتگوت شەپۆڵی دەریایە لەبەرامبەرم بەرز بوەتەوە، هەر لە خۆمەوە لە شوێنی خۆم هەڵستام، باوەشیم بۆ کردەوە بەو ئومێدەی کە ئەویش باوەشم بۆ بکاتەوە، زەردەخەنەیەکی خەمناك هاتە سەر لێوەکانی بە نائومێدی سەری باداو بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی: من هەمیشە لە هامێزی تۆدام، تا کەی دەتەوێ هەست بە تەنیایی بکەی، لەپاش ماوەیەك بێ دەنگی بە زەردەخەنەیەکی خەمناکەوە گوتی (خۆشم دەوێی) ویستم لە هامێزی بگرم بەڵام وەکو هەمیشە لەچاو تروکانێك دا ون بوو، نەم دەزانی چ بکەم ماوەیەك بێ دەنگ دانیشتم دەم و چاوم بە لەپی دەستەکانم داپۆشی ئەوەندە لە خۆمدا وورد بوومەوە دەتگوت چەندین ساڵە بۆ دواوە گەڕاومەتەوە.

هەمووشت لە مێشکم دا وەك بیرەوەریەك دەهاتە بەرچاو بیرەوەریەکی لاواز و بێ رەنگ تەماشای دەوروبەرم کرد بێ دەنگی باڵی بەسەر هەموو شوێنێك دا کێشابوو دەتگوت دونیا لە سوڕان وەستاوە، شنە بایەکیش نەدەهات، لەم کڕی و بێ دەنگییەدا چاوم بە روخساری خۆم کەوت کە لە ناو ئاوی کارێزەکەدا لەگەڵ شەپۆڵە بچوکەکانی ئاوەکە بەرز و نزم دەبۆوە سێ تاڵە مووی قژم سپی بووبوو ئەمە یەکەم جار بوو مووی سپیم لە قژەکەمدا دەدیت چونکە پێش ئەوەی لە ماڵەوە دەرچم بەجوانی قژم داهێنا بەڵام هەرگیز چاوم بە تاڵە موویەکی سپی نەکەوتبوو ئەمە تەنیا شتێك بوو کە لەو کاتەدا دەمتوانی بەتەواوی وەبیری خۆی بێنمەوە، زۆر هەوڵم دا چاوێك بە ژیانی رابردوومدابگێڕمەوە بێ سوود بوو وەکو بڵێی تازە لە دایك بوومەتەوە بەبێ ئەوەی رابردوویەکم هەبێ بێجگە لە ساڵانی سەردەمی منداڵیم کە

هەمیشە لە زەینمدا زیندوون. لە شوێنی خۆم هەستام، چاوم بە گوڵێکی شین کەوت کە لە شوێن پێی ئەو روا بوو، لە بەرامبەر گوڵەکە دانیشتم تا ئەو کاتە گوڵی وا جوانم نەبینی بوو، بەسەری پەنجە قوڕی سەر رەگەکانیم لادا، لەکاتی لادانی قوڕەکە بۆنێکی ناخۆش و بۆگەنی لێ هەستا دڵم تێك هەڵهات ئەوەندەی نەمابوو بڕشێمەوە، بە پەلە گوڵەکەم هەڵکێشاوە رەگە بۆگەنیەکانم لێ جیاکردەوە پاشان بەرەو گوندەکە بەڕێ کەوتم چونکە هیچ هاندەرێك بۆ مانەوەی من لە گوندەکە نەمابوو تەنیا شتێ کە لەو کاتە بیرم لێ دەکردەوە گەڕانەوە بۆماڵەوە بوو.

لەڕێگەدا چەندجار گوڵەکەم بۆن کرد، بۆنی گوڵەکە بەتەواوی وەکو بۆنی لەشی خۆم بوو، کە هەمیشە لە لابەلای جل و بەرگەکانم هەستم پێ دەکرد. پەڕاوی یاداشتەکانم لە گیرفانم دەرهێنا گوڵەکەم لەنێوان کاغەزەکانی پەڕاوەکە دانا. نزیکی رۆژئاوا گەیشتمە ماڵەوە، لەپشت مێزی کارکردنم دانیشتم دەتگوت لەخەوێکی قوڵ هەستابوومەوە هەموو شت لەبەر چاوەکانم لێڵ و بێ رەنگ بووبوون، هەرچەند بیرم دەکردەوە نەم دەزانی چی روویداوە تەنیا ئەوەندەم لەبیر بوو کە لەسەفەرەکە گوڵێکم لەگەڵ خۆم هێنابوو کە لەناو پەڕاوی یاداشتەکانم دانابوو.

پەڕاوەکەم لەگیرفانم دەرهێنا زۆر بە هێمنی کردمەوە بەڵام هیچ گوڵێك لەناو پەڕاوەکە نەمابوو بێجگە لە چەند دڵۆپە خوێنێك!!.